ئومێد خۆشناو: هەموو هەوڵێک دەخرێنە گەڕ بۆ ئاوەژووکردنەوەی ئەمساڵ کێشەی نەبوونی ئاو لە هەولێر سەرهەڵنەداتەوە

پارێزگای هەولێر تەواوی هەوڵەکانی خۆی دەدات بۆ ئاوەژووکردنەوەی هاوینی ئەمساڵ کێشەی نەبوونی ئاو لە هەولێر سەرهەڵنەداتەوە.

بەپێی ڕاگەیاندراوی پارێزگای هەولێر، ڕۆژی پێنجشەممە، ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر، سەرپەرشتیی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی سەبارەت بە ئامادەکاریی بۆ وەرزی هاوین و دابین کردنی ئاوی ماڵان کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا کە جێگرانی پارێزگار و قائیمقامی قەزای ناوەند و بەڕێوەبەری گشتیی شارەوانییەکان و سەرکی شارەوانیی هەولێر و بەڕێوەبەرانی ئاوی هەولێر و ئاوی ژێر زەوی، ئاوی دەوروبەر، بەڕێوەبەری کارەبای هەولێر و بەڕێوەبەری موولیدەکان ئامادەیی بوون، پارێزگاری هەولێر لایەنە بەشداربووەکان و پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد، چارەی هەر کێشەیەک بکەن کە پەیوەندیی بە دابەشکردنی ئاوی گەك و ماڵەکانەوە هەیە، ئەوەش لە ڕێگەی چاککردنەوەی ئامێرەکان، لێگەڕان دابینکردنی کارەبای بەردەوام بۆ بیرەکان، بە جۆرێك کە بۆ وەرزی هاوینی ئەمساڵ کێشەی ئاوی خواردنەوەی پێویستی ماڵان دروست نەبێت.